# گوڵاو ... نەریتێکی رۆژانەیە یان هۆیەکە بۆ راکێشانی ئەوانیتر؟




## کچێك: من هەرجارێك بچم بۆ بازار بۆنێك دەكرم!

## پیاوێك : من تەمەنم (١٥) ساڵان بوو کە ئاشقی بۆن بوومەو بەکاریدەهێنم.

وشەی گولاو لە زمانی ئینگلیزی بە (perfume) ناسراوە، دەستەواژەیەکی لاتینیە (per) بە مانای ماوە، (fume) بەمانای دوکەڵ، فەرەنسیەکان (perfume) بۆ ئەو بۆنوبەرامە میهرەبانانە کە توانای گواستنەوەیان هەیە لە کاتی سووتاندن، وەك بخور بە کاریان دەهێنا.

مێژووی دروست بوونی گولاو هاوتایە لەگەڵ دوای دروست بوونی ئادەمیزاد، کە مێژووی دروست بوونی دە گەرێتەوە بۆ (٤٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، لەلایەن شارستانیەتی (بین نهرین) لەعیراق، لە بۆنە ئاینیەکان زۆر لە دارە بۆندارەکان و راتێنج دەسوتێنرا بە مەبەستی پە یدابوونی بۆنیکی خۆش، بەدانانی ئەم جۆرە دارانە لە ناو ئاوو زەیت بۆ ماوەیەك  ئەو شلەی کە پەیدا دەبوو بە لێخشاندن بۆ لەش و لاریان بەکاردەهێنا. شاری جراس (grasse) لە فەرەنسا (١٧٢٤)گەورەترین چەقی بەرهەم هێنانی ماددەی خاوە، یاسایەکی سەرەکی و تایبەتی دانابوو بۆ دروست کردنی گولاو. ناولێنانی ووشەی کۆلۆنیا دەگەرێتەوە بۆ فەرەنسیەکان لە شاری کۆلن ( coln ) ئەڵمانی یان لە ئاوی کۆلۆنیا (eaude cologue ) وەرگیراوە.

جیان باولو فیمنیس(gian paolo feminis)سەرتاشێکی ئیتاڵی  لەفال فیجزو بوو، بۆ گەڕان بە دوای سامان چووە ئەڵمانیا، لەوێ ئاوی گولاوی دۆزیەوە ناوی نا (ئاوی ناوازە)، کە پێکهاتبوو لە کرۆکی ترێ و زەیتی نازۆڵی (ئەم زەیتە لە گوڵی پرتەقاڵ دەردەهێنرێ) لەگیایەکی چاییی و گوڵی هەلاڵە، پاشای فەرەنسی گولاوێکی زۆری بە کاردەهێنا، ناوی( بلات لویس پازدە ) بوو، ناسراو بوو بە بلاتی گولاو، تەنها بۆ دەم وچاوی بەکارینەدەهێنا، بەڵکو شوێنی ئاوو سابوونی گرتبووەوە، لەکەلوپەلی ناو ماڵی دەدا، خاتوو (دی بومبادور) برێکی زۆری لەگولاو سەرف دەکرد، ناپلیۆن ئاوی کۆلۆنیای هەموو هەفتەیەك (٢,٢٧)لیترو (٦٠) شووشە لە جۆری وەنەوشەی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەڤیندارەکەی هۆگری گولاوی قورس لەجۆری مسك بوو، لەسەردەمی پاشا( هنری هەشتەم)و(الیزابیس) گولاوێکی زۆر سەرف دەکرا لە هەموو شوێنێك بۆ ئەوەی هیچ بۆنێکی ناخۆش بە لووتیان نەیەت. بە پێویستمان زانی ریپۆرتاژێك بەم جۆرە لەسەر گولاو ئامادە بکەین:

ئا : سیروان چۆمانی

(باقر سعید)کەیەکێك بوو لەدوکاندارەکانی سۆران، ئاماژەی بەوە کرد گوتی"رۆژانە بۆنێکی زۆر دەفرۆشین" کچان و کوران وەکو یەکن لە بۆن کریندا، هەروەها کوڕان و کچان جیاوازی دەکەن لەبۆنی یەکتری، کوڕان بۆنی کچان بەکەمی لەلای من دەکڕن، بۆن نرخی جیاوازیان هەیە، هەیان بە(١٠٠٠) دینار تا (١٢٧٠٠٠) دینار لامان دەست دەکەوێت، بەڵام خەڵکی بۆنی زۆر گران بەها ناکڕن، بۆ خۆشم بۆن زۆر بەکار دەهێنم، بۆن تایبەتمەندی خۆی هەیە لەسەر مرۆڤ، بەڵام بەجۆرێك کەدەوروبەرت بێزار نەکەیت.

خاوەنی دوکانی جوانکاری (رازی زوبێر) لەکاتی قسەکردنی زۆر لە موشتەریەکانی رازی بوو"موشتەری کوڕانمان هەیە کە بەردەوام دێن بۆلامان" بۆنی کچان دەکڕن و بەکاریدەهێنن، دەڵێن"بۆنی کچان نەرمترە لەبۆنی کوڕان" بۆن رۆژانە بەرێژەیەکی مام ناوەندی لەلای ئێمە سەرف دەبێت، جیا لەموشتەریەکان، زۆر جۆر بۆنمان هەیە، هەمانە زۆر گرانە ئەمەیان لەسۆران کڕیاری زۆر کەمە، بەڵکو هەرنییە، من خۆم بۆن بەکار دەهێنم، بەڵام بەکەمی پێم خۆشە خەڵکی هەمووی بۆن بەکاربهێنێت.

"بۆن وەکو هەر پێویستیەکی تری رۆژانە پێویستە" ئەمە ووتەی (هەورین صادق) کچە خوێندکاری زانکۆ بوو. لە درێژەی قسەکانی وتی: دڵی کەسەکە خۆش دەکات، کەبەکاری دەهێنیٚ، بەڵام ئەوەش گرنگە رەچاوی بکەی بزانی تۆ بۆچ شوێنیٚ دەچی، بەگوێرەی شوێنەکە پێویستە بەکاری بێنی. من بۆن زۆر بەکار دەهێنم هەموو کاتیٚ، بەڵام لەبەرئەوەی خوێندکارم لەکۆلیژ زیاتر کەدێم بۆ دەوام، بۆن بەکار دەهێنم، بۆنێکی وا بەکاردەهێنم کە دەوروبەرم بێزار نەکەم"من لەکڕینی بۆن پارەیەکی زۆری پێنادەم بەڵام هەرجارێك بچم بۆ بازار بۆنێك دەکرم"من بۆن بۆ خۆشی خۆم بەکار دەهێنم، نەك بۆ دەوروبەر، حەزیش ناکەم بۆنم بۆ دەوروبەر بڕوا.

(محەمەد مەحمود قادر) خوێندکاری زانکۆ وتی" بۆن مانای

تایبەتی هەیە لەلای هەموو کەسێك، واتە هەڵمژینی جۆرێك لەخۆشی گوڵ" بۆن زۆر بەکار ناهێنم، ئەگەر بەکاریشی بهێنم، لەکاتی چوون بۆ کۆلێژ یاخود بۆ شوێنێکی خۆش، زۆر جاریش لەکاتی بەیانی بەکاریدەهێنم، لەکاتی بەکار هێنانی بۆن حەزەکەم بۆن بۆ دەووبەرەکەشم بچێت، بەڕای خۆم کوڕانو کچان وەك یەك بۆن بەکاردەهێننو من پارەیەکی زۆر بەبۆن نادەم.

(مەحمود محەمەد مەجید) وتار خوێنی مزگەوتی کۆمەڵگای گەڵاڵە سەبارەت ببەکار هێنانی بۆن لە ڕوانگەی ئاینی بەڕێزی بەم جۆرە بۆ گۆڤاری کوێستان دوا"بەکار هێنانی بۆنی خۆش سونەتی هەموو پێغەمبەرانە بەشێوەیەکی گشتی خۆبۆن خۆش کردنو گرنگی دان بەپاكو خاوێنیو جوانی و ڕواڵەتو جەستە واجبە لەسەر موسڵمانان وە تایبەتی لەسەر پیاوانو لەکاتی ئامادەبوونیان لەشوێنە گشتیەکان وەك نوێژی هەینیو کۆڕو کۆبوونەوەکان".

بەلاَم حەرامە ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ بۆن بەکار بێنێت بەتایبەت ئەگەر بۆنەکە بەهێزو سەرنج ڕاکێش بێت، بەلاَم لەماڵی خۆی هەرچی دەتوانێت لەجوانکاریو بۆنی خۆش بۆ پیاوەکەی بەکاردێنێ سونەتێکی گەورەیە.

وەئەو بۆنانەی(عطور) ئیسلام جەختی لەسەر کردوون زیاتر بۆنە سروشتیەکانن وەك بۆنی میسكو ڕەیحانو گوڵ هتد...

وە بۆنە دروستکراوەکان بەتایبەتی ئەگەر ماددەی حەرامی وەك کحول یان لەسەرچاوەی حەرام دروست بکرێت ئەوا حەرامە بەکار هێنانیان. دەبێت وریا بین زۆر بۆن هەیە زیانیان بۆلایەنی پێست یان لایەنی سێکس هەیە بۆکاری سیخوری بەکادێت ئەویش حەرامن.

سەبارەت بەلایەنی پزیشکیو تێروانینی بۆن بۆسەر ڕەوشی تەندروستی مرۆڤ:

بەڕێز دکتۆر مەغدید باڵەیی ماجستێر لە نەخۆشیەکانی لوتو قورگو گوێ بەم شێوەیە باسی لە سودەکانو زیانەکانی بۆن لەبواری پزیشکی کرد، سودەکانو زیانەکانی بۆن لەبواری پزیشکیدا:-

بەکار هێنانی بۆن بەگشتی لەڕووی تەندروستیەوە باشە، چونکە بەکارهێنانی بۆنی خۆش لەڕووی سایکۆلۆژیەوە کەسەکە هەست بەدڵ نەوای دەکاتو کەسانی دەورو بەریشی بێزار ناکاتو خۆشەویستیشی بۆ خەڵك زیاد دەکات، بەمەش کەسەکە لەڕووی دەروونییەوە هەست بەئارامی دەکات. ئەم ئارام بەخشینەش هانی بەرگری لەش دەداتو بەهێزی دەکاتو دەی پارێزێت لە نەخۆشی.



بەلاَم بەکار هێنانی بۆن لەو کەسانەی نەخۆشی هەستیاریان هەیە(حساسیە) (Allergy) زۆر خراپە، چونکە دەبێتە هۆی هاندانی لیمفە خانەکان (Lyupho cyte) بۆ دەردانی ڕێژەیەکی زۆر لە دژە تەنی جۆری (Ig E)E ئەم جۆرە دژە تەنەش کاریگەری دەکاتە سەر خانەی تایبەت (mash cell)و دەبێتە هۆی دەردانی مادەی هەستیاری وەکو هیستامین (Histamiue) و لیوکوتراین (triene Leulco)هتد...

ئەم مادە هەستیارانەش کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر شانەکانی لەش کە کەسەکە توشی پژمینو لووت گیران، خورانی لووتو قورگو گوێ ، تەنگە نەفەسی، خورانو پەیدابونی لیر لەپێستو چەندەها شتی تر دەکات.

بیروڕای کچە خوێندکارێکی زانکۆ(شۆخان عومەر) بەرامبەر بە بۆن بریتییە "لەدیاردەیەکی شاز لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دیاردەی بۆن لەخۆدان دیاردەیەکی بلاَوە بەتایبەتی لەناو قوتابیان" وەکو پێناسەیەك بۆ بۆن بۆ ئەو کەسەی بۆن لەخۆی دەدات، بریتییە لەدروست کردنی جەوێکی ڕۆمانسی بۆ خۆیو بەرامبەری.

هەروەها من بۆن زۆر بەکاردەهێنمو بەتایبەتی لەوکاتەی دەچمە بۆنەو ئاهەنگێك، لەکاتی دەوامی کۆلێژدا، وە پارەیەکی زۆر بەبۆن نادەم "هیچ جیاوازییەك لە کورو کچان نییە لەکاتی بەکارهێنانی بۆن بەتایبەتی لەکۆلێژەکەی ئێمە" وای نابینم هەر کەسێك بۆن لەخۆی دەدا تەنیا بۆخۆی بێو تەنیا بۆ دەووبەریش بێ بەلاَم بەشێوەیەکی تێکەڵاو بۆ هەردوو لایەن بەکاردێ.

لەکاتی ئامادە کردنی ئەم ڕیپۆرتاژەدا پیاوێك بەناوی (حەمەدەمین حوسێن) کەتەمەنی (٥٥) ساڵ بوو، بەلاَمەوە ڕۆیشت بۆنێکی خۆشی لێ هات، منیش بەپێویستم زانی لەگەڵی قسەبکەم، دیار بوو لەکاتی قسەکردنیدا بۆنی خۆش دەویستو وتی" من تەمەنم (١٥) ساڵان بوو کە ئاشقی بۆن بوومەو بەکاریدەهێنم" لەسەردەمی ئەوکات بۆن زۆر بە کەمی هەبوو، بۆیە من زۆر جار بۆنم لە ڕەیحانو گوڵ دروست کردووە، یان ئەو کاتەی کەسێك دەچوو بۆ حەج، پێمان دەگوت بۆنمان بۆ بێنە کە هاتیەوە، بەلاَم ئێستا بۆن زۆر هەیەو بەئاسانی دەست دەکەوێت، بۆیە منیش لەو کاتەوە بەردەوام بۆن دەکڕمو بەردەوام لەناو گیرفانمایە بۆ هەر شوێنێك بڕۆم لەگەڵ خۆمی دەبەم، کوڕی خۆم هیوادارم ئێوەش بۆن لەخۆتان بدەن، چونکە بۆنی خۆش خەڵکی پێ دڵ خۆش دەبن.